# تیرۆریستان ماڵ بەماڵ بەدوای مەریوان هەلەبجەیی دا دەگەڕێن !

بەپێ ی سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراو ئەمڕۆ هەواڵی ئەوەمان بەدەست گەشت کە دوێنی شەو کاتژمێر 10,30 دەقیقەی شەو چەند گروپێکی تیرۆریست بەناوی ئاسایشەوە لە شاری هەلەبجەیی شەهید چوونەتە سەر ماڵی خزم و کەس و کاری مەریوان هەلەبجەیی وپیان ڕاگەیاندون ( کە ئەگەر مەریوانیش لێرە نییە ئەوا دەبێت خێزان و منداڵەکانی لەگەلیان بچن بۆ ئاسایش، چونکە لەوێ داواکراون ) .

هاوکات ئەمڕۆ کاتژمێر 1,45 دەقیقە سەر لە نیوەرۆ جارێکی تر گروپێکی تر بەهەمان شێوە چوونەتە سەر مالی خزم و کەس وکاری مەریوان هەلەبجەیی و پرسیاریان لێکردون کە ئایا ئێوە خۆشکی مەریوان هەڵەبجەیین ، ئەوانیش ووتوویانە نەخێر ئێمە خوشکی مەریوان نین . وە داوایان لێکردون دەبێ پیمان بڵێن خوشکەکەی لە کوێ یە چونکە ئاسایش داوای کردوە. دواتر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە پەیوەندی کراوە بە ئاسایشەوەو ئاسایش ئەوەی ڕاگەیاندوە کەئەوان بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری کاری لەو چەشنەنین وشتی وا لە ئارادا نەبووە !

دارودەستەی ئیسلامی یەکان دوابەدوای ئەوەی کە زۆرترین ڕێگەو ڕەوشتیان گرتەبەر بۆ ئەوەی کە لە ڕێگەی چاوترساندن و هەڕەشەو گورەشەو شمشیر ڕاوەشان وفتوادان و خۆپیشاندان وهەلخڕاندنی خەڵکەوە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هیچیان بەدەست نەهێنا بەدەر لەوەلامێکی دانشکینی بەرەی ئازادیخوازان و ناڕەزایەتی دەبڕینی سەدان نووسەرو ئەدیب و ڕۆژنامەنووس وکەسایەتی ناسراو کەسانی ئازادیخواز، ئێستە ئیتر کەوتوونەتە پشکنینی مالان و هەوڵدان بۆ ڕفاندنی خێزان و منداڵەکانی مەریوان هەلەبجەیی لە شاری هەڵەبجە .

بەدلنیای ئەم هەنگاوەی دارودەستە ئیسلامیەکان وەك هەوڵەکانی تریان ڕیسواو شکست خواردو دەبێت لە هەڵخڕاندنی ڕق و بێزاری خەلك زیاتر هیچ ئاکامیکی تری نابێت .

بەڵام لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا جارێکی تر ئەوە ڕادەگەیەنین کە شانخاڵی کردنەوەی حکومەتی یەکیەتی لەهەر جۆرە لێپرسینەوە بەدواچوونێك سەبارەت بەهەڕەشەو گوڕەشەی لایەنە ئیسلامییەکان دژ بە مەریوان هەڵەبجەیی و تەنانەت ماڵەو ماڵ گەران بەدوای مەریوان و خیزان و مندالەکانی دا بەرهەمی بێ هەڵویستی و لێنەپرسینەوە دەست ئاوەلاکردنی حزب و لایەنە ئیسلامی یە فتوادەرەکانە کە ماوەی زیاتر لە یەك مانگە هەموو توانای خۆیان بۆ لەناوبردنی مەریوان هەلەبجەیی و خولقاندنی دۆخێکی مەترسیدار دژ بە هەموو ئازادیخوازان و کەسانێك کە لێکدانەوە هەڵوێستی جیاواز و ڕەخنەگرانەیان دژ بەکارنامەو فەلەسفەی ئەو لایەنانە هەیە .

بۆیە لێرەدا جاریکی ڕایدەگەیەنین کە حکومەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە تەواوی مانا بەرپرسیارە لەبەرامبەر بە پارستنی ژیان و چارەنووسی مەریوان هەلەبجەیی و خیزان ومندالەکانی، دەبیت وەلامدەرەوە بێت بەخولقاندنی هەر کارەسات و ئەگەرێك کە هەرجۆرە زیانێکی بۆ ژیان وئاسایشی مەریوان و خیزانەکەی هەبێت !


kampini_mariwanh@yahoo.com

کەمپەینی ئازادی بیروڕادەربرین / مەیوان هەڵەبجەیی


2006 / 3 / 1